## کاتی ئەوە هاتووە بەڕیزی یەکگرتوو هاتنەمەیدانمان پاشەکشە
## بە بڕیاری دیپۆرتکردنەوەمان بکەین لەلایەن حکومەتی فنلاندەوە !

لەسەرەتای سالی 2007 تەوە حکومەتی فنلاند لە ئاستێکی زۆر بەرچاوتردا دەستیدایە هێرشکردنە سەر مافەکانی پەنابەران بەمەبەستی بێ بەشکردنیان لە زۆرێك لە مافە سەرەتایەکانیان ، لە چەشنی ڕێگرتن لە مافی کارکردن ، ڕێگرتن لە مافی خوێندن وفێربوونی پیشە .... تاکار گەشت بەوەی کە بڕایاری دیپۆرتکردنەوەی هەموو ئەو پەنابەرە کوردانە بدەن کە تائێستە لە مافی پەنابەری بەهرمەند نەبوون .
هەربۆیە فیدراسیونی سەرتاسەر پەنابەرانی عیراقی لە فنلاند بڕیاری هەڵوێستگرتن و بەرپەرچدانەوەی ئەم سیاسەتەکانەی حکومەتی فنلاندی دایەوەو لەمبارەشەوە کەمپەنێکی بۆ بەرگریکردن لە مافەکانی پەنابەران خستە دەستوورکاری خۆیەوە کە تا ئێستە کۆمەڵێك کاری بەرچاوی ئەنجامداوە . ئێستە پاش تێپەڕاندنی قۆناغێك بەسەر دۆخەکەداو پاش ڕێژەیەك کارابوون و چوونە پێشەوەی کارەکان پێمان وایە کاتی ئەوە هاتووە کە پەنابەرانی کوردو عیراقی بەشێوەیەکی کاریگەرتر پێ بنینە مەیدانی نارەزایەتی دەربڕین و داکۆکی کردن لەمافەکانی خۆیان.
هەربۆیە لەم بارەوە لە هەنگاوی یەکەمدا بڕیارماندا کە ڕۆژانی **20 ، 21 ، 22ی** حوزەیران دەست بدەینە مانگرتنێکی سێ ڕۆژە لە بەردەم پەرلەمانی فنلاندا بۆ پیداگرتن لە مافەکانی خۆمان !
لەمبارەوە فیدراسیونی سەرتاسەر پەنابەرانی عیراقی داوا لە هەموو پەنابەرانی کوردو عیراقی دەکات کە بۆ داکۆکیکردن لە مافەکانی خۆیان بەم کەمپەینەوە پەیوەست بن و لە چالاکیەکانی فیدراسیوندا بەشداری بکەن !

فیدراسیونی سەرتاسەر پەنابەرانی عیراقی
حوزەیرانی / 2007

بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بکەن بەم ژمارە تەلەفونەوە ( 0440464905)